# پیرۆزبایی بۆ پەرلەمانی کوردستان

ئێمەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی دۆستانی کەرکووک لە ناخی دڵ و دەروونمانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بە بۆنەی یەکەمین کۆبوونەوەی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان، کە دوێنێ لە شاری هەولێر بەسترا. هیواداریین ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە کارەکانی خۆیاندا سەرکەوتوو بن و ئەرکی سەر شانیشیان بە ڕێکوپێکی بەجێ بگەیەنن. لە هەمان کاتیشدا چاوەڕێی ئەوە لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین کە بە شێوەیەکی چالاک و نەتەوەییانە لەسەر پرسی مەسەلەی زۆر چارەنووسسازی کەرکووک هەڵوەستە بکەن و، بە تایبەتیش بابەتی جێبەجێکردنی بەندی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.
ڕۆڵەکانی گەلی ئازادیخوازی کورد بە هیوای ئەوەن کۆبوونەوەی ئەم جارەی پەرلەمان سەرەتایەکی باش بێت بۆ زیاتر لە یەک نزیکبوونەوەی پارت و ڕێکخراوە دەسەڵاتدارەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان و، ڕێکخستنەوەی یەکجارەکیماڵی کورد و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکوومەتی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

کۆمەڵەی دۆستانی کەرکووک، ستۆکهۆڵم 5-6-2005